






# شێوازە شیكەكانی كراس و عەزیەی درێژ و فراوان

پێویستە مۆد و شێوازی جلەكانی وەرزی گەرما، كراوە و تەنك بن، تا بە دوور بیت لە گەرما و ئارەقەكردن و بێزاربوون، چونكە كاتێك جلەكانت تەسك بن، بە جەستەتەوە دەنووسێ و بێزارت دەكات، بەتایبەت لە بۆنە و یاد و دەرچوون و گەشتەكاندا، شایستەترین جۆری پۆشاك بۆ كاتەكانی پشوو جلوبەرگی درێژ و كراوەیە، كە بریتین لە: عەزیەی كورت و درێژ، كراسی دەرچوون و بۆنەكان كە چەندین مۆد و شێوازیان هەن لەوانە: كراسی درێژی جینز، كە بە كراوەیی و فراوانی چێنراوە، تا ژێر ئەژنۆ و درێژتریش هەن، مۆدێكی ناسكە بۆ دەرچوون و گەشتكردن. شێوازی دووەم بریتییە لە كراسی درێژی قوماش، بۆ بۆنە و یادەكان گونجاون، كە پەڕپەڕە و ناسكیی پێوە دیارە. شێوازی سێیەم عەزیە و كراسی نەخشدار، كە نەخش و دیزاینیی پێوە دیارە، هەروەها لە دیزاینیشدا جۆراوجۆرن. جۆری چوارەم بریتییە لە كراسی نەرم و شلی دوگمەدار، مۆدێكی ناسكە و بە جەستەدا شۆڕ دەبێتەوە، بۆ كاتی ماڵ و میوانی گونجاوە. دواهەمین مۆدی كراس و عەزیەی درێژ، بە ڕەنگاوڕەنگی ناسراوە، بۆ بۆنەی لەدایكبوون و ئاهەنگی بچووك شیك و گونجاوە.



# چۆن بە زیرەكی و لێهاتووییت بە ئامانجەكانت دەگەیت؟

خەونی ئافرەتان ئەوەیە كە بە كورتترین ماوە بگەن بە ئامانج و خەونەكانیان، بەتایبەتی لە بواری ئیش و كاردا، چونكە هەندێك جار بەخت و زیرەكی یاوەری ئافرەتان نابێت تا لە نزكترین دەرفەتدا بە ئاواتەكانیان بگەن، ڕەنگە زۆر جاریش هەوڵی زیاتر بدەن و ئامانجەكەشیان نەپێكن. لێرەدا تۆی خانم گرنگە زیرەكی و لێهاتوویی خۆت بسەلمێنێت، ئەوەش لە ڕێگەی جوانیی كەسایەتی و بیركردنەوە وقسەكردن و جلوبەرگ و شێوازی هەڵسوكەوتت، سەرەتای هەر هەوڵێك بە دیراسەكردنی كارەكە و هەنگاوەكە دەست پێ بكە، لە خۆتەوە بڕیاری خێرا مەدە، ئەگەر لە جارێك كارێكدا سەركەوتوو نەبووی دووبارە هەوڵ بدە، وا چاكترە را و بۆچوونی كەسانی دیكەی وەك دەستە خوشك و هاوڕێ و كەسانی ناو خێزانەكەت وەربگریت، چونكە دوو بیركردنەوە لە یەكێك باشترە، كاتێك كارەكەت دەست پێ دەكات، بە لێهاتوویی بیری خۆت بخە سەر ئامانجەكەت، ئەگەر زانیت هەنگاوەكەت دەبێتە مایەی بێزاری و سەركەوتوو نابیت، هەوڵبدە لە ڕێگەی دیكەوە مامەڵەی لەگەڵدا بكەیت، بەر لە هەر كارێك پێویستە كاتژمێرێك بیر لە باشی و خراپی كارەكە بكەیتەوە، دواتر یەك ئاراستە و كەسایەتی خۆت بە كارەكە بدە، با دوو جۆرە مامەڵەكردنت نەبێت، هەمیشە چالاكی و هەنگاوەكانی كارەكەت بنووسەوە و تێبینییان بكە، بەم جۆرە سەركەوتوو دەبیت.



# ڕەنگەکانی پشتچاو بۆ وەرزی گەرما

پشتچاو شێوازێکە گوزارشت لە جوانی و گەورەیی چاوەکانت دەکات، کاتێك ماکیاژێکی جوانت کردووە و پشتچاوەکەت بە هەڵە چێ کردووە، ئەو کاتە کارەکەت جێگەی خۆی ناگرێت و جوانیت دەشێوێت، لە وەرزی گەمادا پێویستە گرنگی بە جوانیی ماکیاژ بە گشتی و پشتچاو بە تایبەتی بدەیت، ئەوەی بە (ئایشادۆ) ناسراوە، کە بە سینگڵی لە چاوان دەدرێت، واتە تەنیا ڕەنگێکی بۆ دانراوە، لێرەوە بۆ وەرزی گەرما ئاشنای پێنج ڕێگە و ڕەنگی سەرەکی ڕەنگەکانی پشتچاو بن، سەرەتا بە شای ڕەنگەکانی پشتچاو دەستپێدەکەین کە بریتین لە: ڕەنگی مۆر، ڕەنگێکی ناوازە و ناسکە، بە فڵچەی بچووك و تەنکی سەر پان ئایشادۆیەکی ناسك بۆ بەشی سەرەوەی چاوەکان بکە، تا بۆ کاتی ئاهەنگ و بۆنەکان ناسك و ڕازاوە بێت، دواتر ڕەنگی سلڤەر دێت، کە بەشی سەرەوەی چاو و هێڵی برژانگ دەگرێتەوە، بۆ کاتی دەرچوون گونجاوە، ڕەنگی زەردیش مۆدی گەشت و سەردانە، دواتر ڕەنگی سەوز، ناسك و سەرنجڕاکێشیی پێوە دیارە بۆ کاتی دەوام و زانکۆ دەگونجێت، دوایین ڕەنگ سوورە، بۆ کاتی بۆنەو یادەکان ناوازە و سەرنجڕاکێشە.



# خشڵ و ئێکسسوارە ناسکەکانی براندە جیهانییەکان



بەهۆی ئەوەی لە وەرزی گەرمادا جلی تەنك و کورت دەپۆشرێت، بەشێکی زیاتری جەستە بەدەردەکەوێت، وەك مەچەك و سینگ و بەرۆك و قاچەکانیش، بۆیە دەکرێت سوود لە پڕکردنەوەی ئەو بەشانە ببینن، بە خشڵ و ئێکسسوارەکان، وەك باوە لە وەرزی گەرمادا خشڵ و ئێکسسوارەکان زیاتر بەکار دێن، هەریەکە لە تۆقەی سەر و ملوانکە و گوارە و دەستبەند و بازن و ئەنگوستیلە و خرخاڵەکان جوانترین ئێکسسوارەکانی مۆدی وەرزی گەرما پێك دەهێنن، شانێل وەك مارکەیەکی بەناوبانگ پێی وایە: کە لە وەرزی گەرمادا پێویستە زۆرترین خشڵ و ئێکسسوارەکان بپۆشرێن، بە مەرجێك قەبە و گەورە نەبن، نایاب دەبێت ئەگەر ورد و بچووك بن، نمایشکارەکانی مارکەی ساڵڤاتۆری، زیاتر لە ملوانکەیان لە مل کردووە، وەك گرنگی و جوانیی ملوانکە لەو وەرزەدا، مارکەی خشڵەکان دەڵێن: بازن و ملوانکەکان جوانترین مۆدی خشڵەکانن بۆ وەرزی گەرما، ئەلێکساندەر وانگ، گوارەی بازنەیی بە جوانترین مۆدی خشڵەکان داناوە، گیڤینشی، دەستبەندی بازنەیی پان و باریکی بۆ دەستەکان هەڵبژاردووە، تۆش پێشەنگی و ناسکیی خۆت بە خشڵ و ئێکسسوارەکان دەرببڕە.



# دیزاینەر ڕەنا سەمعان: لە منداڵییەوە بە پارچە قوماش و جل

**بواری دایزانی جلوبەرگ لە کوردستاندا پێشکەوتنی تەواوی بە خۆوە بینیوە، لەم چەند ساڵەی دواییشدا چەندین دیزاینەر و ئامادەکاری نەخش و نیگارەکانی جل دەرکەوتوون، کە زۆربەیان بەشدارییان لە نمایشەکانی نێوخۆیی و دەرەوەی جلوبەرگ و فاشیۆندا کردووە، یەکێك لەوانە (ڕەنا سەمعان نوح بەقتەر)ـە، کە لە دایکبووی قەزای (قەرەقوش)ە، ئێستا وەك دیزاینەری جلوبەرگ پەرە بە کارەکانی دەدات. گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا سازکردووە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە:**

***

*** پوختەیەك لەسەر ڕەنا سەمعان؟**

- لە دایکبووی ساڵی (١٩٨٠)ی قەزای قەرەقوشم، بڕوانامەی (زانستی کۆمپیوتەر و بیرکاریم) لە زانکۆی موسڵ بەدەستهێناوە، ماوەی (٢٣) ساڵە خەریکی کاری بەرگدروو و دیزاینی جلوبەرگم.

*** مەرجەکانی دیزاینەر چین؟**

- کەسایەتیی دیزاینەر دەبێ لێهاتوو بێت، داهێنەر بێت، چەندین بیرۆکەی جۆراوجۆری لە کارێکدا هەبێت، هەروەها پێویستە (٣) لایەنی گرنگی هەبێت، لەوانە: هەستی گوزارشت و بیرکردنەوە، هەستکردن بە داهێنان و چارەسەری بەهێز بێت، بیرکردنەوەی جۆراوجۆر و پاکی و ڕەوانی لە کارکردندا، هەروەها هەست و سەلیقەی هونەریی هەبێت، تا بتوانێت ڕەنگەکان تێکەڵی یەکتر بکات، جوانی و نەخش و نیگار بە کارەکە بدات، زیرەکییەکی ڕادەبەدەری هەبێت کە لە ماوەیەکی کورتدا بیرۆکەی جۆراوجۆری بۆ بێت، باکگراوندی زانستی و گشتیی هەبێت لەسەر دیزاین، گرنگیشە سەبارەت بە جلوبەرگ و شێوازەکانی پۆشاك ئاگاداری داواکاری و گرنگیدانی خەڵك و کۆمەڵگە بێت.


*** چۆن بیرۆکەی کارکردنت وەکو دیزاینەر بۆ هات؟**

- لە منداڵییەوە حەزم بە کاری بەرگدروو و دیزاین بوو، ئەو کاتە هێندە شارەزای ئەو بوارە نەبووم، بەڵام کارم لەسەر بڕین و پارچەکردنی قوماش دەکرد، تا شتێکی لێ دروست بکەم، بوونی دایکم وەك بەگدروو ڕێگەیەکی یارمەتیدەر بوو کە هاوکاری کردم، تا بتوانم لە بواری دیزایندا کار بکەم، دواتر پەرەم بەو

# کەرەستەکانی چێشت بۆ جوانکاری و ڕازاندنەوە



کەرەستەکانی چێشت و ژووری چێشتلێنان بۆ ئامادەکردنی خواردن بەکاردێن، کەچی ئێستا بۆتە خشڵ و ئێکسسوارێك بۆ ڕازاندنەوە و جوانکاری، ئەو شێوازە لەلایەن هونەرمەندێکی پاکستانی بە ناوی (مریەم ماجسی) ئامادەکراوە کە ڕەگەزنامەی کەنەدی هەیە، چەندین وێنەی بە کەرەستەکانی چێشتەوە گرتووە. ئەو ئافرەتە لە دواترین وێنەکانیدا ئاماژەی بەو نەریتە کرد کە لە وڵاتەکەی و زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە، لە دوای ئەوەی کچێك شوو دەکات، کەرەستەکانی ژووری چێشت بەشێکە لە جەهازی بووك کە لەگەڵ خۆی بۆ ماڵە نوێکەی دەیبات، هەروەها وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو دیاری و خەڵاتانەی لە دوای هاوسەرگیری بۆ ئافرەتانی پاکستانی و ڕۆژهەڵات دێن، زیاتر کەرەستەی ژووری چێشتلێنانە، ئەو وێنانە گوزارشتە لەوەی ئافرەت تەنیا بۆ ژووری چێشت دروست کراوە، وەك ئەوەی ڕۆبۆتێك بێت بۆ ئامادەکردنی خواردن، لەلایەن خۆیشیەوە مریەم ماجسی ئەو پرۆژەیەی لەژێر ناوی (Jahaz Dowry) پێشکەش کردووە، تا ئەو نەریتە نەمێنێت.



# فڕۆکە بۆ چاودێـ

**چاودێریکردنی قوتابیان لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا، ئەرکێکی قورسی مامۆستا و سەرپەرشتیارانە، بەتایبەت لە ئێستادا کە سەدان فێڵ و تۆپیەی جۆراوجۆر دەرکەوتوون، وڵاتی چین لە زۆریی ژمارەی قوتابیاندا لوتکەی وڵاتانی جیهانی گرتووە، بۆ زاڵ بوون و چاودێریکردن لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا، توانیویانە سوود لە تەکنۆلۆژیا وەربگرن، ئەگەر هۆڵی تاقیکردنەوەی قوتابخانەی (گاواکاو) بە نموونە وەربگرین نزیکەی (٣٠) هەزار قوتابی لەو هۆڵە وەڵامی تاقیکردنەوەکانیان دەدەنەوە، بەم چەشنە چاودێری و ئاشکرا کردنی تۆپییەکان**

## ــــــی بچووکەوە ئاشنای دنیای دیزاین و جلوبەرگ بووم

کارە دا و توانیم بەهرەکانم لە بواری دیزاینی جلوبەرگدا بدۆزمەوە.

*** ئەو کار و چالاکییانە چین کە بەشداریت تیایدا کردوون؟**

- بەشداریی چەندین ئاهەنگ و بۆنەی جۆراوجۆری بواری جلوبەرگم کردووە، دیارترینیان هەفتەی نمایشی جلوبەرگ بوو کە لە شاری هەولێر و لە هۆتێل دیڤان سازکرا، هەروەها بانگهێشت کرام بۆ فیستیڤاڵی (ئەڵماس) بۆ جوانی و جوانکاری، لەگەڵ ڕاگەیاندکاری لوبنانی (سەوسەن ئەلسەید).

*** ئایا بیرۆکەی دیزاین لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا سەردەگرێت؟**

- بێگومان ئەگەر بە لێهاتوویی کاری لەسەر بکرێت، سەردەگرێت، چونکە تێبینی دەکەین کە بیرۆکەکە قبووڵ کراوە و داواکاریی زۆریش لەسەر بەرهەمەکانی دیزاین هەیە، بەهۆی ئەوەی ئێستا زۆربەی ئافرەتان گرنگی بە مۆدە و جوانی دەدەن و هەمیشە دەیانەوێت بەرهەمێکی ناوازە و شیك بەدەست بهێنن، هەروەها مەبەستیانە جلێکی دیار و ئامادەکراویان لەلایەن



دیزاینەرەوە پێ بگات، نەوەك جلی ئامادەکراو لەبەر بکەن.

*** نیشانەکانی دیزاینەر چین؟**

- پێویستە شێوە و شاکاری دەرەوەی گوزارشت لە ناخ و هەستی بکات، هەروەها هەست و درك بە کەسانی دەوروبەری بکات، پێویستە کەسێك بێت کە گرنگی بە خۆی بدات، تا بتوانێت هەوادار و جەماوەر بۆ خۆی رابکێشێت، لە بواری کارەکەیدا زیرەك بێت و هێزی قەناعەت پێ هێنانی هەبێت.

*** ئەگەر کاری دیزاین نەبوایە، چ کارێکی دیکەت دەکرد؟ پڕۆژە و کاری داهاتووت چییە؟**

- جگە لە کاری دیزاین، کاری فەرمیی حکوومیش دەکەم، بەڵام ڕێگر نییە لە کاری دیزاین، چونکە ئەو بوارەم لاپەسندە و خۆشەویستییەکی زۆریشم بۆی هەیە، هەر چۆنێك بێت دەستبەرداری نابم، هیوادارم بتوانم بەشداری لە نمایشی دیکەدا بکەم، ئەگەر لە کوردستان بکرێتەوە.




## ــــــری تاقیکردنەوە

**قورسە، بۆ ئەو مەبەستە سوودیان لە جۆرێك فرۆکەی بچووك وەرگرتووە کە پێی دەگوترێت (Phantom)، فرۆکەیەکی بچووکە بە (٤) پەروانە کار دەکات و دەتوانێت بۆ ماوەی زیاتر لە (٣) کاتژمێر بفڕێت، هەروەها لە بەرزی (٣٠٠) مەتر وێنە بگرێت و چاودێریی هەموو جووڵەیەك بکات. سەرپەرشتیارانی هۆڵەکانی تاقیکردنەوە لە ڕێگەی ئەو فڕۆکە بچووکانەوە کە لە ژێرەوەیان کامێرای چاودێری بەستراوە، چاودێریی تەواوی هۆڵەکە دەکەن، لە ڕێگەی شاشەکانەوە دەتوانن هەر جووڵە و قۆپییەکی قوتابیان بە ئاسانی ببینن.**

## عەمامە لە مۆدی گوتشی



مۆدەکانی مارکەی گوتشی، چەندین بەرهەمی ناوازە و بەپێز پێشکەشی هەواداران و خەڵکی دەکەن، هەندێکیان شێوەیان هێندە سەیرە کە بوونەتە جێگەی سەرنجی هەمووان، دواجار لە نمایشەکانی مارکەی گوتشیدا، عەمامەیەکی ڕەنگاوڕەنگیان پێشکەکرد، کە بووە جێگەی تووڕە بوون و نارەزایی پیاوانی ئایینی و داب و نەریتی هیندییەکان، ئەو عەمامە بە ناوی (Indy full turban)وەیە، نرخی (٧٩٠) دۆلارە، لە جۆرە قوماشێك دروستکراوە کە بەرهەمی خودی مارکەی گوتشییە، پسپۆڕانی ئەو مارکەیە دەڵێن: چۆن پیاوانی ئایینی و سیخەکانی جیهان، هەموو جۆرە جلێك دەپۆشن، ئاساییە خەڵکیش جل و کەرەستەی ئەوان بپۆشێت، بە بڕوای ئەوان، کارەکەیان کلتوورییە و تەنانەت گرنگیی ئەو عەمامەیە بۆ خەڵك دەخەنە ڕوو، ئەوەی سەیرە بەر لە (٣) مانگ مارکەی گوتشی کراسێکی ڕەشی لە شێوەی جلەکانی داعش کردە مۆدە، کە ئەویش بووە جێگەی ڕەخنە و نارەزایی.




## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە، باس لەو کەسانە دەکات کە لە دواوە خەنجەرت لێدەدەن، هەرچەندە تۆ بۆیان باش بیت و لە کاتێکی ئاساییدا و بەبێ کێشە و گرفت بیت، ئەوانیش خەریکی پیلان و کاری خۆیانن تا دژایەتیت بکەن.



## فڕۆکەی کاغەز لە شێوەی تازەدا

هەموومان بە منداڵی فڕۆکەی کاغەزمان دروست کردووە، بەتایبەت لە کاتی قوتابخانە و ڕێستی وانەکاندا، فڕۆکەی کاغەز یادگارییەکی منداڵییە، بەڵام لەلای (لوکا لاکانۆ ستیوارت)، ئەو بیرۆکەیە پەرەی پێدراوە و ئێستا یەکێکە لە بوارە گرنگەکانی کاری دەستڕەنگینی و کاری دەستی، فڕۆکە کاغەزییەکانی لوکا، تەنیا بەرگ و بەشی دەرەوە نییە، بەڵکو ناوەوەی شوێنی دانیشتن و دیکۆر و تەواوی بەشەکانی فڕۆکەیەکی هاوشێوەی بۆینگی (٧٧٧) لەخۆ دەگرێت، کارەکەی بە بەرگەکانی (مانێلا) دروست دەکات، تا ئێستا هەزاران فڕۆکەی کاغەزی فرۆشتووە و داواکاریی زۆریشی لەسەرە.




## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا سێ جۆر میوە هەیە، هەر یەکێکیان کارتۆنی خۆی هەیە، هەوڵبدە لە ماوەی یەك خولەکدا میوەکان بە ڕێڕەوی ڕاست بخەیتە ناو شوێنی خۆیان، ئەوەش بە هێڵکاری لە ڕێڕەوەکاندا جێبەجێ بکە.

## بۆ زانیاریت

### خواردنی ئیندۆمی IndoMie

ئیندۆمی (Indomi)کە هەندێ جار بە IndoMie ش دەنووسرێت بەناوبانگترین و بڵاوترین جۆری شەعرییەیە لە جیهاندا، کە لەلایەن کۆمپانیای ئیندوفود سوکسیس ماکموری ئەندەلوسیەوە بەرهەم هێنراوە. وشەی ئیندۆمی Indomie پێکدێت لە ئیندۆ Indo کە لە وشەی ئەندەلووسەوە وەرگیراوە، می mie کە لە وشەی شەعرییە بە زمانی ئەندەلووسی وەرگیراوە. سەرتای ئەندۆمی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٩ کە بە تامی چەلاوی مریشك دەرچوو، لە دەرەوەی پێشبینییەکان ئەندۆمی خۆیی بە هەموو شار وڵاتێکدا کرد، لەبەر ئاسانیی بەکارهێنانی و خۆشیی تامەکەی بەکارهێنەرانی گەیشتنە ملیۆنان کەس. بۆ ڕاکێشانی زیاتری خەڵکی لەساڵی١٩٨٢ بەتامی جیاوازتر دەرچوو. دوای ئەم بڵاوبوونەوە زۆرەی ئەندۆمی، تانەو تۆمەت لەسەر پێکهاتەکانی ئیندۆمی بڵاو بووەوە، بەتایبەتی لەلایەن ڕکابەرەکانی، بەڵام کۆمپانیاکە بە سوودوەرگرتن لە نەزانیی خەڵکی بەگشتی لەسەر ڕاستیی تۆمەتەکان ئاشکرای کرد: لە ئیدۆمی-دا خوێی مۆنۆ سۆدێم گلوتامەیت MSG بەکاردێت کە کۆدە جیهانیەکەی بریتییە لە E٦٢١ لەلایەن شەریکەی یابانی ئەجینۆمۆتۆ Ajino-moto بەرهەم دێت، لە ساڵی ١٩٥٩ لە ئەمریکا لە لیستی ئەو مادانەدا تۆمار کرا، کە بەگشتی بە سەلامەت ناسراون، GRAS Generally Recognized As Safe، هەروەها لە توێژینەوەیەکدا لە ساڵی ١٩٩٥ کە FDA سەرپەرشتیی دەکرد، ڕوونی کردوە کە خوێی مۆنۆ سۆدێم گلوتامەیت MSG پەیوەندی بە نەخۆشی لەبیرچوونەوە (Alzheim-er)ـەوە نییە، بەهای خۆراکیشی نزمە، ئەندۆمی زیاتر وەك ماکەرۆنی وایە کە پێکهاتەی سەرەکی و زاڵ تێیدا کاربۆهیدراتە، ئەمەش ئەگەر بەردەوام بخورێت، دەبێتە هۆی قەڵەوی.





### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

کاروباری ڕۆژانە ماندووت دەکەن و بەمەش فریای بیرکردنەوە ناکەویت بۆ داهاتووی ژیانت، کاتێك بە خۆت بدە و پشوویەك وەربگرە، هەندێك پێشەوەچوونی کارەکانت ڕوودەدات و دڵخۆش دەبیت، بەڵام یەکێك لە کەسە نزیکەکانت ڕەنگە دووبارە پەرێشانو خەمگینت بکاتەوە، بۆیە دەبێت زۆر ئاگاداری خۆت بیت.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کەسێکی نزیکت دژایەتیت دەکات و هەمیشە کێشەتان هەیە، مەهێڵە کەسانێك هەبن لەگەڵت نەگونجێن، هەوڵبدە کەسێکی کارامە بیت، بیرو مێشکت بخەرە کارو لەگەڵ دەوروبەریش ململانێ مەکە، چونکە ماوەیکە هەندێ ئاماژەت بۆ دەکرێت و خۆت تێی دەگەیت، پێویستە بەپەلە چارەسەریان بکەیت.



### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

کێشەکانی ڕابردوو هۆکارێك بوون بۆ ئەوەی ماوەیەك بێزاریت پێوە دیار بێت، ڕێگەی داهاتووت بەرەو خۆشی دەچێ و نەرمونیان بە، هەست بە ئارامی و گەشبینی دەکەیت و چالاکیت بەرەو باشتر دەچێت، ئەوەش بارودۆخ و ژیانت لا شیرین دەکات و لەوانەشە دەستکەوتی دارایی و سۆزداری لەگەڵ بێت.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

خەونەکانت فەرامۆش مەکە و کاریان لەسەر بکە. کەسایەتیت ڕێگە نادات لەگەڵ هەموو کەسێك نزیك و ئاشنا بیت، گۆڕانکاری لە کارەکانت بکە، لەگەڵ کەسێکدا کێشەتان هەیە، هەوڵبدە زوو چارەسەری بکەیت، لە ئێستادا ئەرکەکانت قورسن، بەڵام لە داهاتوودا باشتر دەبن.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە ژیانی تایبەتیت قوناغێکی باشت بڕیوە، تەنیا ئەوە ماوە لەگەڵ کەسێك کۆك بن، بەڵام ئەو کەسە دژایەتی تۆی دەوێت و تۆش یارمەتی دەدەیت، واچاکە سنوورێکی بۆ دابنێیت، بیر لە ڕابردوو مەکەوە و بەرەو کاری داهاتووت هەنگاو بنێ، سەرکەوتنت نزیکە.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بە دوای قسە و لێدوانی کەسانی دیکەوە مەکەوە، تەنیا لە ژیانی خۆت ئاسایی و سادە بژی، ئەوەی لەسەرتە جێبەجێی بکە، ناخت پاك بکەرەوە و شتەکان هەڵمەگرە، بەرەو داهاتوویەکی باش دەچیت و کەسێك لەگەڵت هاوکارە بۆ تەواوکردنی کێشەکانی ژیانت، تۆش فەرامۆشی مەکە.



# خۆخی زەبەلاح

خۆخ یەکێکە لە میوە بەتام و چێژەکان، هەندێ جار خۆخێکی گەورە لە نێو سەبەتەی خۆخەکان دەدۆزیتەوە و کە خۆخێکی لەم چەشنە نۆش دەکەیت دەبێتە مایەی دڵخۆشی، لە وڵاتی کۆریای باکوور، توانییان گەورەترین خۆخ بەرهەم بهێنن، ئەو کارە لەلایەن پەیمانگەی زانستی کشتوکاڵیی میوەکانەوە کاری لەسەر کراوە، کە جۆرە خۆخێکیان بە تێکەڵکردن و لێکدانی توێکڵەکانیان بەرهەمهێناوە، ئەو خۆخە بە ناوی (سۆکشۆن ٣) کراوە، یەکێکە لە (٤٠) جۆرە خۆخەکانی جیهان، کێشی هەر یەکێکیان تا (٧٠٠) گرام دەبێت، گەورەیی و قەبارەکەی ناو لەپی مرۆڤێکی پێگەیشتوو پڕ دەکاتەوە.




# پەند و وتە

هێبرێرت جۆن وێلز، نووسەری ئینگلیزی کە دەیان ڕۆمان و چیرۆکی کورتی هەیە، هەروەها نووسەری بواری کۆمەڵایەتی بووە، لە ساڵی (١٨٦٦) لە شاری برۆمێلی لە ئینگلتەرا لە دایك بووە، لە ساڵی (١٩٤٦) لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە، لە بارەی ئازایەتی دەڵێ: مرۆڤ پێویست ناکات هەموو کاتێك ئازا بێت و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفت و کێشەکان بیری لای هێز بێت، بەڵکو پێویستە ئاگادار و هۆشیار بێت، تا تووشی کێشە و گرفت نەبێتەوە.




جارێکیان ژن و پیاوێك باس لەوە دەکەن کە چەند خۆشە ئۆتۆمبێلیان هەبێت و بچنە پیاسە، لەو کاتە منداڵەکانیان نزیکیان دەبن، یەکێکیان دەڵێ: من لە پێشەوە دەبم، ئەوەی دیکە دەڵێ: نابێ من لە پێشەوە دادەنیشم، پیاوەکەش تووڕە دەبێ و دەڵێ: هەستن وەرنە خوارەوە، تازە ناچین بۆ پیاسە!



# پوختەی فیلم

**یاریی منداڵان - Child›s Play**

فیلمێکی شانۆیی سامناکە، باس لە مێرمنداڵێك دەکات دوای ئەوەی دەچنە شارێکی تازە، لەلایەن دایکیەوە یارییەکی منداڵانەی بە دیاری بۆ دێت، کە ئەو یارییە ڕۆحێکی زیندووی هەیە و زیندوو دەبێتەوە، ئەو مێرمنداڵە کە ناوی (ئاندی) یە، دوای ئەوەی لەگەڵ منداڵانی دراوسێیان سەیری ئەو یارییە دەکەن، کە چۆن تاوانکاری ئەنجام دەدات، ئەوانیش پلان دادەنێن تا نەهێڵن کاری خوێناویی دیکە ئەنجام بدات، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێرە و لە وڵاتی بەلجیکا کاری وێنەگرتنی بۆ کراوە، لە دەرهێنانی (لارس کلیڤبێرگ)ـە کە یەکێکە لە زنجیرە چیرۆکەکانی نووسەری ئەوروپی (دۆن مانسینی)، لە نواندنی (مارك هامیل و ئۆبرای پلازا و گابرێل باتمان و بریان تایر هێنری)یە.




**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

کەسێك دڵی تۆی دەوێت و تۆش گرنگی بە هەستەکانی نادەیت، هەوڵبدە بیکەیتە کەسێکی گرنگ لە ژیانت، ماوەیەکە بەخت یاوەرت نییە و کێشەی زۆرت بۆ دروست دەبێت، یارمەتیت پێویستە و بیر لە داهاتووت بکەوە، بۆ هەندێ بەرژوەندی کەسایەتیی خۆت مەدۆڕێنە.




**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

لە کاتی خۆشیدا بە کاتت ڕاناگەیت، هەندێ کێشە ڕووی تێکردوویت و بێزاریان کردوویت، کەسێك دەیەوێت یارمەتیت بدات تا ژیانت باشتر بێت، تۆش یارمەتییەکەی قبووڵ بکە، خەونی داهاتووت بە ئامانج دەگات، تەنیا پێویستە لە هەوڵەکانت بەردەوام بیت.




**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

نابێ خەمەکانی پێشووت ببنە ڕێگر بۆ داهاتووت، ئەوەی ڕۆیشت بیری لێ مەکەرەوە، یارمەتیی کەسانێکت دا، کەچی ئەوان بە خراپە وەڵامیان دایتەوە، بۆ جاری داهاتوو فەرامۆشیان بکە. ماوەیەکە بیر لە تەنیایی و بێدەنگی دەکەیتەوە و حەزیش دەکەیت کەس لێت نزیك نەبێت، واز لەو بیرۆکەیە بێنە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بڕیارێك مەدە کە داهاتووت بەرەو ناخۆشی و کێشە ببات، کەسێك دەیەوێت لە دڵت زۆر نزیك بێت و تۆش بە وردی بیری لێ بکەوە. کەسێکی زیرەکیت و جوان بیر دەکەیتەوە، بەڵام نابێت ڕێگە بدەیت کەسانێك بۆ بەرژەوندیی خۆیان سادەییت بەکار بهێنن. هەوڵ بۆ داهاتووی ژیانی خۆت بدە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لە ناخەوە کەسێکی بەهێزی، بەڵام لەلای خەڵك بە نەرمی ناسراوی، مەهێڵە کاریگەریت لێ بکەن تا نەچیتە ژێر ڕکێفیانەوە، کەسانێکی باش هەن لە ناو خێزانەکەت کە چاکەی تۆیان دەوێت، بەڵام تۆ بە هەڵە لێیان تێ دەگەیت، هەوڵبدە یارمەتییان بدەیت، تا ئەوانیش هاوکارت بن.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

خەمی کەسانی دیکە مەکە بە کێشەی سەرەکیی خۆت، سەرەتا بیر لە ژیانی خۆت بکەرەوە، پاشان یارمەتیی ئەوان بدە، کەسێك دەیەوێت بۆ بەرژەوندیی خۆی لە کارێك هاوبەشت بێت، تۆش ڕێگەی مەدە و بە تەنیا کاری خۆت بکە، ناوت بە خراپە دەهێنرێت، گوێی پێ مەدە.